# ماف و ئازادی بۆ ژنان

دەنگی ژنانی ئازادیخوازی کورد/ سێبەر

لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی و بولبول گریا ، خوا نووسی لە چارەی ڕەشی ئێمەش ، ئێمەش بەشمان هەرچارەی

ژیانێکی پڕ لە خۆزگەو بریا.

سێبەر
jnani_azadixwaz2007@yahoo.de

نابێت چیتر ڕێگە بدرێت لە ژێر هەرناونیشان و سوونەتێک دا ژنان بکوژرێن و ببنە سووتەمەنی عەقلیەتێک کە هیچ پایەیەکی کۆمەلایەتی نەماوە ، هێنانەوەو فەرز کردنی بیروباوەڕی پیاوسالاری و ژن کوژی تەنها لە سنگی کۆمەلگایەک دایە کە ئینسانەکانی نابەرابەرن ، کە یاساکانی کۆمەڵەی پیاو ، ئینسانی موسوڵمان ، دەکاتە پلە یەک و ، ژنان و باقی خەڵکی غەیرە مەزهەبی دەکاتە پلە دوو ، ئەم ناعەدالەتیەی کۆمەڵگا لەدەستوورێکەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە دەوڵەت لێی بەرپرسیارە ، بەرپرسیارێتی دەوڵەت لە داڕشتنی ئەو یاسایانە لە گرەوی مانەوەی دەسەلاتی کۆنەپەرەستانەی پیاوسالاری و ئایینە ئاسمانیەکانە ، بۆیە دەوڵەت لە دانانی دەستووردا نەگەڕاوەتەوە بۆ ڕیفراندۆمێکی ئازادو سەربەخۆ ، بەڵکە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی تا چەند تەمەنی نەگریس و کۆنەپەرەستانەی خۆی درێژ دەکاتەوە ، دەوڵەت و سەرانی لێپرسراو بەدوای ئەوەوە نەبوون کە حەزو ئارەزووەکانی خەڵک و ژنان لە ناو دەستووردا بەرجەستە بکات ، بەڵکە هاتوون تێزە پیرۆزەکانی نا وقورئان و تێزێک کە زەمانەتی هێڵەرەوەی کۆمەڵگەیە وەک نمونەی کۆمەڵگەیەکی بەر لە هەزاران ساڵ بۆ ئێمە خراوەتە مەیدان ، نەک گوزارشت بێت لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و مەدەنی دوای سەدەی بیست و یەک ، بە کۆیلە کردنەوەی ژنان ، داماڵینی ژنان لە بەرجەستەکردنی خواست و ئاواتەکانیان ، وەک ئینسانێکی کۆمەلایەتی ، گێڕانەوەی ڕۆڵی ئیعتیبار بۆ ژنان بەوەی کە هەموو ڕۆڵێک دەبینن وەک و پیاوان ، ئەوە نەبووتە فەرمانی لێپرسراوانی دەوڵەت .

بۆیە ئێمەی ژنان وەک ئەوەی بەس مل کەچی یاسایەک بین کە بۆ ئێمە نیە و لەئێمەوە دەرنەچووە ، دەبێت بەزووترین کات ئەو دەستوورو یاسایە بە بون بەست بگات .

بۆیە ئەرک و فەرمانی ئێمەی ژنان ئەوەیە ڕیزەکانمان بکەینە یەک ڕیز و دەست لەناو دەست بە رەو ئازادی بۆ ژنان و کردنەوەی ژنان بە ئینسان لەبەرامبەر یاسادا .